# سيروان ئەبوبەكر پێویستە موحاکەمە بكرێت

## بێستوون ئاكرەیی

مانگێك زیاترە هەولێرو دهۆك ئەزمەیەكی گەورەی بەخۆیەوە دیوە لە ڕووی سووتەمەنیەوە بەتایبەتی بەنزین كە كاریگەری كردۆتە سەر ڕەوشی گشتی خەڵك .

بەلاّم ئەزمەكە بەدوو قۆناغ دا تێپەڕبوو ،یەكەمیان تا ڕادەیەك لەدەرەوەی سنوورو ئیرادەی حكومەت بوو ،بەلاّم ئەمەی ئەمجارەیان تەنهاو تەنها سیروان ئەبوبەكر لێی بەرپرسیارە (كە بەڕێوەبەری گشتی نەوت و كانزاكانە /لە حكومەتی هەولێر ) .

وا ئێمە بەرەو هەڵبژاردن دەچین و ئەوەندەی پێویستیمان بە دەنگی كورد هەیە بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق كە دەبێت بەلاى كەمی بتوانین خەڵكی كوردستان هانبدرێن بەگشت ڕێگاكان بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی كورد دەنگ بدەن ، بەلاّم یەكێك لەو بەربەست و گەمەدەروونیە قورسانەی كە سیروان ئەبوبەكر لەگەڵ خەڵكی كوردستان دەیكات بۆتە جێگەی گلەیی و گازاندەو نارەزایی دانیشتوانی بەتایبەتی شاری هەولێر ، بەشێوەیەك هەرخاوەن ئۆتۆمبیلێك و شوفیرێك كە لەنۆرەی بەنزینخانە ڕادەوەستێ و بێزاردەبێ كە زۆر جاریش دوای پێنج شەش سەعات وەستان بەنزینی بەبەرناكەوێت هەزار جوێن بەحكومەت دەدات ،سوێندیش دەخۆن بەنەچوونە دەنگدان ڕۆژی هەڵبژاردن .

لە سیروان ئەبوبەكر دەپرسین (( كە تائێستا جگە لەوەرگرتنی سێ پارچە زەوی (یەكیان لە پشت نەخۆشخانەی ئێمێرجنسی كە ڕووبەرەكەی 600 مەترەو بە 100000 سەد هەزاردۆلار دەخەملێنرێت و ئەوانی تریش لە هەولێری نوێ و پشت مەكتەبی سیاسی كۆنی یەكێتی ) بەسەدان هەزاردیناری لێداوەو بۆتە یەكێك لە ملیۆنێرەكانی هەولێر لەسەر حیسابی خەڵكی ڕەش و ڕووت و براشەهیدەكەی (مولازم محەمەد ) )) ئەرێ بەڕێزم ئەگەر ئەو ئەزمەیە جەنابتان دەستتان تێیدا نەبێت بۆ ئەو ڕێگا چارانە ناگریە بەر :

1. هێنانە كایەی سیستەمی كۆبۆن بۆ ئۆتۆمبیلەكان كە تەجرەبەیەكی ناجحە .
2. خۆ لەمەوبەر هەركە ئەزمەی بەنزین تۆزێك سەری هەڵدابا سیستەمی تاك و جووتی ژمارەتان دادەنا ،ئەرێ ئێستا بۆ پەیرەوی ناكەن ؟؟؟

ئەرێ ئەوە چیە ئێستا شەوان تانكەرو شتی تر .... لەبەنزینخانەكان دێنەدەرو بۆ بەیانی بازاڕی ڕەش پڕدەكەن ،هەرچەندە حكومەت و پارێزگار ئەو ڕێگەیان لێتان زەحمەت كرد بەگرتنی گشت بەنزین فرۆشە ناشەرعیەكان ..

**هەر ئەوەندە دەڵێین گەمەکردن بەچارەنووسی خەڵك و خۆدەوڵەمەنکردنێکی زۆر ناشەرعیانە دەرەنجامی کۆتاییەکەی هەر ڕیسوابوونە ، بەلاّم وەکو ئێمەش بەڵێنمان پێتان دابوو هەر بەرەوام دەبین لە ڕیسوا کردنتان ..**

**خوێنەری بەڕێزیش بەتایبەتی خوێنەران و کاربەدەست و حکومەتخوانی هەولێر سەرنج ڕادەکێشم بۆ ئەلقەی تر لە فەزائیحەکانی سیروان ...**

**چاوەڕوان بن ... بۆ فەزیحەکانی ئیتفاقاتی لەگەڵ بەڵێندەران و هەردوو نوێنەرەکەی (فەرهاد و معاویە ) لە موسڵ ..**